فیقهی ئاسان:پەرتووکی مامەڵەکان: دەروازەی یازدەیەم: لەبارەی بەکرێ گرتنەوە (الاجارة)

الفقه الميسر: كتاب المعاملات: الباب الحادي عشر: الإجارة

< کوردی - كردي - kurdish >

دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء

وەرگێڕانی: حاجی ئومێد عومەر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : أوميد عمر علي الجروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# لەبارەی بەکرێدانەوە (الاجارة)

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڕێزان و خۆشەویستان لە چوار چێوەی بابەتی مامەڵە داراییەکان، جارێکی تر هاتینەوە خزمەت ئێوەی بەرێز بۆ پێشکەش کردنی بابەتێکی نوێ، ئەمجارەیان بەیارمەتی خوای گەورە لەبارەی بەکرێدان (الاجارة) وە سێ بابەتتان بۆ باسدەکەین، بابەتی یەکەم : مەبەست لە بەکرێدان (الاجارة)، وبەڵگەکان لەسەر مەشروعیەتی، بابەتی دووەم : مەرجەکانی بەکرێدان (الاجارة)، بابەتی سێهەم : ئەحکامەکانی پەیوەیست بەم بابەتە : -

### بابەتی یەکەم : مەبەست لە بەکرێدان(الاجارة).

### 1- مانا وپێناسەی بەکرێدان (الاجارة).

لە زمانەوانیدا لەووشەی ( الأجر ) کە مەبەست پێی پاداشت وبریتی وەرگرتنە وەرگیراوە، هەر بۆیە بە ووشەی ( ثواب ) پاداشتیش دەوترێت ( أجر ) .

لە زاراوەی فیقهی ئیسلامیشدا : گرێبەستێکە لەسەر سودێکی زانراوی موباح وحەڵاڵ بۆ ماوەیەکی داریکراو، کە بە شێنەی و ووردەووردە سوود وکەڵك لە کاڵایەکی دیاریکراو، یان وەصفکراو لە ئەستۆدا، وەردەگیرێت، یان گرێبەست لەسەر کارێکی زانراو بەرامبەر بریتی و پاداشتێکی دیاریکراو .

**2- بەڵگەکان لەسەر دروستی و مەشروعیەتی بەکرێدان (الاجارة) :** بەکرێدان و بەکرێگرتن لە شەریعەتی ئیسلامدا کارێکی دروست وڕێگا پێدراو و مەشروعە، لەم بارەیەشەوە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ فَإِنۡ أَرۡضَعۡنَ لَكُمۡ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ﴾ (1).

(1) سورەتی الطلاق : ئایەتی : 6 .

واتا : ئەگەر ئەو ژنە تەڵاقدراوانە شیریان بە منداڵەكانتان داو گۆشیانكردن، ئەوا حەق و كرێی خۆیان بدەنێ، واتە: ئەگەر ژنە تەڵاق دراوەكە داوای كرێی كرد، ئەبێ پیاوەكە كرێی شیرپێدانەكەی بداتێ .

هەروەها لە چیرۆكی موسی پێغەمبەر ( سەلامی خوای لێ بێت ) لەگەڵ دوو كیژەكەی كە خەریكی ئاودانی مەڕ ومالاتەكەیان بوون، ئەوە بوو دوای ئەوەی موسی ( سەلامی خوای لێ بێت ) سەرقاپی بیرەكەی لادا و ئاوی هەڵگۆزی بۆ ئاژەڵ و مەڕ ومالاتی كیژەكان، یەكێك لەو دوو كیژە ووتی بە باوكی: ﴿ قَالَتْ إِحْدَىٰهُمَا يَٰٓأَبَتِ ٱسْتَـْٔجِرْهُ ۖ إِنَّ خَيْرَ مَنِ ٱسْتَـْٔجَرْتَ ٱلْقَوِىُّ ٱلْأَمِينُ ﴾ (1) .

واتا : ووتي بابە ئەم پیاوە بە كرێی بگرە بۆ خزمەت و لەوەڕاندنی مەڕەكان بەراستی چاكترین ڕەنجبەر كە تۆ بەكرێی بگریت، دەبێ دووسیفەتی تیابێت: یەكەم: بەهێزو بەتوانا بێت بۆ پاراستنی ئاژەڵەكان. دووەم: ئەمین و دەس پاك و جێی باوەڕبێت و خیانەت لە ئەنجامدانی ئیشەكانیدا نەكات, (ئیبن كەسیر) ئەڵێ: باوكیان وتی: چۆن ئەزانی ئەو پیاوە ئەودوو سیفەتەی تیایە؟ كچەكە وتی: چاوم لێ بوو كە بەتەنها خۆی بەردی سەربیرەكەی لابرد، لەكاتێكا بە دە پیاو لانەئەچوو، كاتێكیش چووم بە دوایا بۆ شارەزاكردنی، لە كاتی گەڕانەوەدا پێشی كەوتم بۆشارەزایی، كەچی وتی: لە پشت سەرمەوە وەرە، هەر كاتێكیش ڕێگەكەم هەڵەكرد ئاگادارم بكەوە، سەرنجم دا چاوی بەرز نەكردەوە و تەماشای نەكردم .

هەروەها لە جێگایەكی تردا فەرموویەتی : ﴿ فَوَجَدَا فِيهَا جِدَارًا يُرِيدُ أَن يَنقَضَّ فَأَقَامَهُۥ ۖ قَالَ لَوْ شِئْتَ لَتَّخَذْتَ عَلَيْهِ أَجْرًا ﴾ (2) .

واتا : پاشان لەو شارەدا دیوارێكیان بینی نزیك بوو بكەوێ (بەندە چاكەكە لەگەڵ مووسی دا بوو ) دیوارەكەی چاككردەوە ( مووسی ) ووتی ئەگەر بتویستایە كرێیەكت لەبەرانبەر وەردەگرت.

لەسوننەتیشدا بەڵگە زۆرن لە سەر ڕاستی ودروستی بەكرێدان، تەنها ئاماژە بە هەندێكیان دەكەین، لە وانە : -

---

(1) سورەتی القصص : ئایەتی : 26 .
(2) سورەتی الكهف : ئایەتی : 77 .

عن عَائِشَةَ رضي الله عنها قالت : { وَاسْتَأْجَرَ النبي ( صلى الله عليه وسلم ) وأبو بَكْرٍ رَجُلًا من بَنِي الدِّيلِ هَادِيًا خِرِّيتًا } (1) .

واتا : عائیشەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) و ئەبوبەکر( خوای لێ ڕازی بێت ) پیاوێکی ڕێنیشاندەری زۆر شارەزا لە ڕێگاوبانیان بە کرێ گرت لە هۆزی دیل بوو- تا ڕێگا نیشاندەریان بێت لەکاتی کۆچکردن بۆ مەدینە .

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هەڕەشەی توندی کردووە لەو کەسانەی کە کەسێك دەگرن بە کرێ و کرێ و مافی خۆیان نادەنێ، لەم بارەیەشەوە ئەبو هورەیرە ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { ثلاثة أنا خصمهم يوم القيامة، رجل أعطى بي ثم غدر، ورجل باع حرا فأكل ثمنه، ورجل استأجر أجيرا فاستوفى ثمنه ولم يعطه أجره } (2) .

واتا : سێ کەس لە ڕۆژی دواییدا من ڕووبەڕوویان دەبمەوە، کەسێك پەسمان و بەڵێنی پێدام، بەڵام پاشان خیانەتی کردبێت و پەیمانەکەی نەبردبێتە سەر، وە کەسێك کەسێکی ئازاد وەك کۆیلە بفرۆشێت و پارەکەی بخوات، وە کەسێك کرێکارێك بەکرێ بگرێت و ئیش وکاری خۆی پێ بکات، بەڵام پاشان کرێ و مافی خۆی نەداتێ ..

هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی عومەر ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە ودەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { أعطوا الأجير أجره قبل أن يجف عرقه } (3) .

واتا : کرێی کریکار بدەن پێش ئەوەی عەرەقەکەی ووشك بێتەوە .

**بابەتی دووەم : مەرجەکانی بەکرێدان (الاجارة) .**

بۆ ئەوەی گرێبەستی بەکرێ گرتن ڕاست ودروست بێت، چەند مەرجێکی پێویستە، ئەوانیش بریتین لە : -

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2262) ڕیوایەتی کردووە .
(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (2277) ڕیوایەتی کردووە .
(3) ابن ماجە بە فەرموودەی ژمارە (2443) ڕیوایەتی کردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە : ( صحيح سنن ابن ماجە ) فەرموودەی ژمارە (1995).

1- بەکرێ گرتن دروست نیە لە لایەن کەسێکەوە نەبێت، کە هەڵسوکەوت و تەصەڕوفی لە لایەن شەرعەوە دروست ودان پێدانراو نەبێت، ئەویش بەوە دەبێت کە ئەو کەسە کەسێکی ژێری باڵغی ئازادی و ڕەشید نەبێت، کە بزانێت مامەڵەی دروست بە پارە وسامانیەوە بکات .

2- دەبێت ئەو سوودەی دەدرێت بەکرێ سودێکی زانراو دیار بێت، چونکە ئەوەی گرێبەستی لەسەر دەکرێت سوود ومەنفەعەکەیە، بۆیە دەبێت زانرا و دیار بێت، هەروەك چۆن لە کڕین وفرۆشتندا دەبێت کاڵای فرۆشراو دیار و زانراو بێت .

3- دەبێت کرێکەیش دیار وزانراو بێت، چونکە کرێ ئەو بریتی و پاداشتەیە کە وەردەگیرێت لە گرێبەستی نێوان کرێکار و کرێگرتەدا، بۆیە دەبێت دیار و زانراو بێت، هەروەك چۆن لە کڕین وفرۆشتندا دەبێت نرخی کاڵای کڕراو دیار بێت .

4- دەبێت ئەو سوودەی گرێبەستی لەسەر دەکرێت، کەڵك وسوودێکی حەڵاڵ و موباح و حەرام نەبێت، بۆیە دروست نیە کرێگرتن بۆ کاری بەدەڕوشتی و زینا کردن، یان کرێگرتن بۆ کاری گۆرانی ووتن، یان بەکرێ گرتنی ئالەتی لەهو و شتی پڕوپوچ ومۆسیقا.

5- دەبێت ئەو سوودە سودێکی وابێت ئەو کەسەی کە بەکرێکار دەگیرێت بتوانێت جێ بەجێی بکات، بۆیە دروست نیە سودێك کە نەتوانرێت جێ بەجێ بکرێت بکرێتە گرێبەستی بەکرێ گرتن، وەك ئەوەی کەسێکی کوێر و نابینا بەکرێکار بگریت بۆ پاراستنی کارێك کە ئەو کارە پێویستی بەچاو ساغێك هەبێت .

6- دەبێت ئەو سوودە مولْکی ئەو کەسە بێت کە بەکرێی دەدا، یان مۆڵەتی بە کرێدانی هەبێت، چونکە کرێگرتن بریتیە لە فرۆشتنی سوود و مەنفەعە، بۆیە دەبێت وەك مامەڵەی کڕین وفرۆشتن کاڵای فرشراو مولْکی فرۆشیار بێت .

7- دەبێت ئەو ماوەیەی کە ئەو شتەی بەکرێی دەگریت ماوەکەی زانراو ودیار بێت، بۆیە دروست نیە خانوویەك بدەیت بەکرێ بەبێ ئەوەی ماوەکەی دیار نەبێت، چونکە نادیاری لە ماوەکەیدا دوایی دەبێتە هۆی دروست بوونی ناکۆکی و دەمەقاڵێ وناخۆشی .

**بابەتی سێهەم : ئەحکامەکانی پەیوەیست بەم بابەتەوە :**

کرێگرتن وبەکرێدان هەندێك ئەحکامی تایبەتی هەیە، ئەوانیش بریتین لە : -

1- دروست نیە لەبەرامبەر عیبادەت وخواناسین وهەر کارێکی تر مەبەست پێی لەخوا نزیك بوونەوە بێت، کرێ وەربگیرێت، وەك کرێ وەرگرتن لە بەرامبەر بانگدران وحەج کردن و فەتوادان و قەزاوەت کردن وپێش نوێژی و قورئان فێرکردن، چونکە هەموو ئەو کارانە و هاوشێوەکانیان مەبەست لێیان خۆ نزیك کردنەوەیە لە خوای گەورە و بەرز وبڵند، لەم بارەیەشەوە ئەم فەرموودەیە هاتووە : { عن أُبَيِّ بن كَعْبٍ قال عَلَّمْتُ رَجُلًا الْقُرْآنَ فَأَهْدَى إلى قَوْسًا فَذَكَرْتُ ذلك لِرَسُولِ اللَّهِ ( صلى الله عليه وسلم ) فقال إن أَخَذْتَهَا أَخَذْتَ قَوْسًا من نَارٍ فَرَدَدْتُهَا } (1) .

واتا : ئوبەی کوڕی کەعب ( خوای لێ ڕازی بێت ) ئەیگێڕێتەوە و دەڵێت : پیاوێکم فێری قورئان کرد، ئەویش کەوانێکی بەدیاری پێبەخشیم، ئەوەم بۆ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) باسکرد، ئەویش فەرمووی : ئەگەر ئەو کەوانەت وەرگرتووە، ئەوا کەوانێکی ئاگرینت وەرگرتووە، بۆیە بیگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکەی .

بەڵام دروستە ئەو کەسانەی بەو کارانە هەڵدەسن لە ( بيت المال ) ی موسڵمانان وەك بژێوی ژیان وگوزەران مووچەیەکیان بۆ ببڕێتەوە .

لە بارەی ڕێگری کردنیش لە کرێ وەرگرتن لە بەرامبەر بانگداندا ئەم فەرموودەیە هاتووە : { عن عُثْمَانَ بن أبي الْعَاصِ قال يا رَسُولَ اللَّهِ اجْعَلْنِي إِمَامَ قَوْمِي، قال: أنت إِمَامُهُمْ وَاقْتَدِ بِأَضْعَفِهِمْ وَاتَّخِذْ مُؤَذِّنًا لَا يَأْخُذُ على أَذَانِهِ أَجْرًا } (2).

واتا : عوسمانی کوڕی ئەبی العاص، ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) بمکە بە پێش نوێژی هۆزەکەی خۆم، ئەویش فەرمووی : تۆ پێش نوێژی هۆزەکەی خۆتی، وە ئیقتدا بە بە لاوازترینیانەوە بکە، وە بانگدەرێکیش بۆ خۆت دانێ، بەڵام لە بەرامبەر بانگداندا کرێ وەرنەگرێت .

(1) ابن ماجه بە فەرموودەی ژمارە (2158) ڕیوایەتی کردووە، وە بەیهەقیش لە سونەنەکەیدا ڕیوایەتی کردووە (6/125-126)، ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی صەحیحە .

(2) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (531) وە تیرموزی بە فەرموودەی ژمارە (209)، ونەسائی بە فەرموودەی ژمارە (672)، وە ابن ماجە بە فەرموودیە ژمارە (714) ڕیوایەتیان کردووە ، وە فەرموودەکە فەرموودەیەکی صەحیحە .

2- دەبێت بەکرێدەر ئەوماڵەی دەیدات بەکرێ تەسلیمی کرێچی بکات، بەشێوەیەك بتوانێت ئەو سوودو مەنفەعەیەی کە هەیەتی لێی وەربگرێت و دەسەڵاتی بەسەردا بشکێت، لە هەمان کاتدا پێویستە کرێچیش پارێزگاری بکات لەماڵ وکاڵای بەکرێدراو، وە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا کرێکە تەسلیم بەخاوەن ماڵ بکات .

3- دروست نیە یەکێك لە دوو لایەنەکە بەبێ ڕەزامەندی ئەوی دیکەیان گرێبەستی کرێگرتن و بەکرێدان هەڵبوەشێنێتەوە، وە ئەگەر هاتوو یەکێکیان مرد، وە ماڵی بەکرێدراو وەك خۆی مابووەوە، ئەوا گرێبەستەکە هەڵناوەشێەوە، بەڵکو میراتگرانی دەچنە جێگای میرات لێگرەکەیان و سوود وکەڵك لەو ماڵە وەردەگرن کە بەکرێ گیراوە .

4- ئەگەر هاتوو ئەو ماڵ وکاڵایەی کە دەدرێت بەکرێ تێداچوو ونەما، یان سوود و کەڵکی نەما بۆ کرێچی ئەوا گرێبەستەکەی هەڵدەوشێتەوە، بۆ نموونە : ئەگەر ئەو وولاخەکەی درابوو بەکرێ مردار بوویەوە، گرێبەستی بەکرێدانەکە هەڵدەوەشێتەوە، چونکە شتێکی نەماوە ناوی سوود وکەڵك بێت بۆ کرێچی، یاخود ئەو خانووەی درابوو بەکرێ ڕووخا و وێران بوو، یان ئەو کرێکارەی بە ڕۆژانە یان مانگانە ئیشی بۆ کەسێك دەکرد، نەخۆش کەوت و نەیاتوانی کارەکەی ڕاپەڕێنێت، گرێبەستەکەی نێوان هەڵدەوەشێتەوە، چونکە خاوەن کارەکە سوود و کەڵك لەو کەسە نابینێت لەبەر ئەو نەخۆشیەی تووشی بووە .

5- دروست نیە دانەویڵە بە بەشێك لە دانەویڵە هاڕاوەکە بهاڕرێت : دروست نییە گەنم یا جۆ یا هەر دانەوێڵەیەکی تر بە بەشێکی دانەوێڵە هاڕاوەکە بهاڕێ لە جیاتی کرێی هاڕینەکەی، لەم بارەیەشەوە ئەم فەرموودەیە هاتووە : { عن أبي سعيد الخدري قال نهى عن عسب الفحل وعن قفيز الطحان } (1).

(1) تەحاوی لە ( مشكل الاثار ) ڕیوایەتی کردووە (307/1)، وە دارە قوطنییش ڕیوایەتی کردووە (47/3)، و بەیهەقیش بە هەمان شێوە (339/5)، وە فەرمودەکەش فەرموودەیەکی صەحیحە .

واتا : ئەبوسەعیدی خودری ( خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) ڕێگری کردووە لە بەکرێ دانی پەڕینی ئاژەڵی نێر (لە ئاژەڵی مێ ) و دانەوێڵە هاڕین بە بەشێك لە هاڕاوەکەی .

[ لە کۆتاییەوە لە خوای گەورە و میهرەبان داواکارین کە بە فەزڵ وبەخشندەیی خۆی یارمەتیمان بدات کە تەواوی مامەڵە داراییەکانمان بەو شێوەیە بێت کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام داوای لێ کردووین، وە ببین بە نمونەیەکی جوانی بازرگانی دەست ودەم پاك وڕاستگۆ، وە لێی دەپاڕێینەوە کە ڕزق وڕۆزی حەڵالمان بدات و ماڵو سەروەت وسامانمان لە حەرام بەدوور بگرێت، ئامین یارب العالمین] وەرگێڕ .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم